زانكۆی سەلاحەدین - هەولێر
Salahaddin University-Erbil

**کۆلێژی بەڕێوەبردن و ئابووری**

**بەشی کارگێری ڕێکخراوە گەشتیارییەکان**

# ڕۆڵی تۆری کۆمەڵایەتیەکان لەبرەودانی میدیای گەشتیاری

## (تۆێژینەوەیەکی شیکاریە بۆ بەشێک لە بەڕێوبەرانی هۆتێلەپێنج ئەستێرەکان)

**ئەم پڕۆژەیە پیشکەش بە بەشی کارگێری ڕێکخراوە گەشتیاریەکان وەکو پێداویستیەک بۆ بەدەست هێنانی بڕوانامەی بەکەلۆریۆس لەپسپۆری کارگێری ڕێکخراوە گەشتیاریەکان**


**ئامادەکردنی**

**بتول طه رسول**

**ئاراز رشدی رحمن**

**خدیجه جعفر محمد**

**بەسەرپەرشتی**

**م. دیلان رەمەزان تمرخان**



٢٠٢٣-٢٠٢٤

بِسْمِ اللهِ الرَّحْمنِ الرَّحِيمِ

اقْرَأْ بِاسْمِ رَبِّكَ الَّذِي خَلَق (١) خَلَقَ الْإِنْسَانَ مِنْ عَلَقٍ(٢)اقْرَأْ وَرَبُّكَ الْأَكْرَمُ(٣)الَّذِي عَلَّمَ بِالْقَلَمِ(٤)عَلَّمَ الْإِنْسَانَ مَا لَمْ يَعْلَمْ(٥)

(صدق الله العظيم)

سورة العلق

الآية القرآنية (١-٥)

# بەڵێن نامە

ئێمە بەلێن دەدەین کە ئەم توێژینەوەیە (**ڕۆڵی تۆری کۆمەڵایەتیەکان لەبرەودانی میدیای گەشتیاری توێژینەوەیەکی شیکاریە بۆ بەشێک لە بەڕێوبەرانی هۆتێلە پێنج ئەستێرەکان**) کە پێشکەشی لیژنەی بەشی کارگێری ریخکراوە گەشتیاریەکان زانکۆی سلاحەدین کراوە بە تەواوی لەلایەن ئێمەوە نوسراوە ئەنجامەکەشی لەکار کۆششی ئێمەوەیە پێشتر بۆ هیج لایەنێکی دیاریکراو بلاونەرکراوەتەوە.

لەلایان توێژەران

## پشتگیری سەرپەرشیتار

پشتگیری توێژنەوەی (**ڕۆڵی تۆری کۆمەڵایەتیەکان لەبرەودانی میدیای گەشتیاری توێژینەوەیەکی شیکاریە بۆ بەشێک لە بەڕێوبەرانی هۆتێلە پێنج ئەستێرەکان**) لەلایان قوتابیان(بتول طه رسول/ خدیجه جعفر محمد/ اراز رشدی رحمن) ئامادەکراوە بەتەواوی پابەندی ڕێساکان بووە.

ناو و واژی سەرپەرشتیار
م. ی. دیلان ڕەمەزان تمرخان

## بریاری لیژنەی گفتوگۆ

سەرۆک و ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆ توێژینەوەی قوتابیان (بتول طه رسول/ خدیجه جعفر محمد اراز رشدی رحمن) لەژێرناونیشانی (**رۆڵی تۆری کۆمەڵایەتیەکان لەبرەودانی میدیای گەشتیاری توێژینەوەیەکی شیکاریە بۆ بەشێک لە بەڕێوبەرانی هۆتێلە پێنج ئەستێرەکان**) کرد لەئەنجام دا ئەم بریارەی خوارەوە درا.....

- پەسندکراو
- پەسندنەکراو
- بۆیە پیویستە لەماوەی (      )بکاتەوە لەماوەی (      ) پەسندنکراوە بۆیە پێویستە لەساڵی داهاتوو دووبارە بکاتەوە

ناوی ئەندام        ناوی ئەندام        سەرۆک لیژنە

# پێشکەشە

دایک و باوک و خوشک و براکانمان
ئەم توێژێنەوەیە پیشکەشەبە بەشی کارگێری رێکخراوە گەشتیاریەکان
وە مامۆستای سەرپەرشتیار توێژینەوە(دیلان رەمەزان تمرخان) ، بەو کەسانەی کەیارمەتیان
داوین و لەنوسینی ئەم توێژینەوە

(لەلایان توێژەران)

## سوپاس پێزانین

سەرەتا سوپاس بۆ خوای گەورە وەبۆمامۆستای سەرپەرشتیار ( دیلان تمرخان)کەبەژداربوو لە لەگەڵمان بۆسەرکەوتنی تویژینەکە و کۆلێژەکەمان کە ئەم دەرفەتەیان پێبەخیشین بۆ ئەنجامدانی ئەم تویژینەوە لە ژیرناونیشانی ( **رۆڵی تۆری کۆمەڵایەتیەکان لەبرەودانی میدیای گەشتیاری تۆێژینەوەیەکی شیکاریە بۆ بەشێک لە بەڕێوبەرانی هۆتێلە پێنج ئەستێرەکان)** وە بەتایبەت سوپاسی دایک و باوکمان دەکەیەن کە ئیمەیان گەیاندە ئەم ئاستە وەهەروەها سوپاسی هەموو لایەنەکانی تر دەکەین کەهاوکارمان بوون لەبیرۆکە و نوسینی تویژینەوە

(لەلایان توێژەران)

## لیستی ناوەرۆک


| لاپەرە | بابەت |
|---|---|
| VII | الاية القرانية |
| VII | بەلێن نامە |
| VII | لایەنی پشتگیری سەرپەرشیتار |
| VI | بریاری لیژنەی گفتوگۆ |
| VI | بریاری لیژنەی گفتوگۆ |
| VII | پیشکەشە |
| VII | سوپاس و پیزانین |
| ١ | بوختە |
| ٢ | بەشی یەکەم چوارچیوەی تویژنەوە |
| ٣ | پیشەکی |
| ٤ | خستنەڕووی کیشەی تویژینەوە |
| ٤ | ئامانجی تویژینەوە |
| ٤ | گرینگی تویژینەوە |
| ٥ | گریمانەی تویژینەوە |
| ٥ | سنووری تویژینەوە |
| ٦ | مۆدل تویژینەوە |
| ٧ | بەشی دووەم: تیۆری تەوەرەی یەکەم / تەوەرەی دووەم |
| ٨ | بەشی دووەم / پیشەکی |
| ٨ | تەوەری یەکەم تۆرەکۆمەڵایەتیەکان |
| ٨ | یەکەم پیناسەی تۆرەکۆمەڵایەتیەکان |
| ٨ | دووەم سەرهەڵدانی بەرەوپیش چوونی تۆرەکۆمەڵاییتیەکان |
| ٩ | سییەم تایبەتمەندییە سەرەکیەکانی تۆرەکۆمەڵایەتیەکان |
| ١٠ | تایبەتمەندییە گشتیەکان تۆرەکۆمەلایەتیەکان |
| ١٠ | رۆڵی تۆرەکۆمەلایەتیەکان |
| ١٠ | چوارەم دیارترین جۆری تۆرەکۆمەلایەتیەکان |
| ١١ | تویتەر کۆمەڵیک تایبەتمەندی لە خۆ دەگریت |
| ١٢ | تایبەتمەندیەکانی تری تویتەر |

| | |
|---|---|
| پێنجەم کاریگەرییە ئەرێنەکانی تۆرەکۆمەڵایەتیەکان | ١٣ |
| شەشەم گرینگترین زیانەکانی تۆرەکۆمەڵایەتیەکان | ١٣ |
| گۆراوی دووەم / میدیای گەشتیاری | ١٩ |
| پێشەکی | ١٩ |
| یەکەم پێناسەی رێکلام | ١٩ |
| دووەم جۆرەکانی ریکلام | ٢٠ |
| سێیەم گرینگی ریکلام | ٢٠ |
| بەپێ ئەم خاڵانەی خوارەوە کورت دەکرێتەوە | ٢٠ |
| چوارەم گرینگی کۆمەڵایەتی ریکلام | ٢١ |
| پێنچەم پێناسەی میدیای گەشتیاری | ٢١ |
| شەشەم تایبەتمەندی میدیای گەشتیاری | ٢٢ |
| حەوتەم ئەرکی میدیای گەشتیاری | ٢٣ |
| هەشتەم گرینگی میدیای گەشتیاری | ٢٤ |
| نۆیەم برەودانی گەشتیاری | ٢٤ |
| بەشی سێیەم: پراکتیکی | ٢٦ |
| تەوەرەی یەکەم : پرسیارە کەسییەکان | ٢٦ |
| فۆرمی راپرسی بۆ توێژینەوە | ٢٦ |
| تەوەری یەکەم: پرسیارەکەسیەکان | ٢٧ |
| تەوەرەی دووەم : گوراوی تۆرە کۆمەلایەتییەکان | ٢٩ |
| تەوەرەی سێیەم : گۆراوی میدیایی گەشتیاری | ٣٤ |
| Correlations | ٣٨ |
| بەشی چوارەم: دەرئەنجام و راسپاردە | ٣٩ |
| دەرئەنجامەکان | ٤٠ |
| راسپاردە وپێشنیارەکان | ٤١ |
| لیستی سەرچاوە | ٤٢ |
| پاشکۆکان | ٤٥ |


## لیستی وێنەکان


| بابەت | لاپەرە |
|---|---|
| مۆدڵ توێژینەوە | ٦ |

## پوختە

ئەم توێژینەوەیە بە ناو نیشانی( رۆڵی تۆری کۆمەڵایەتیەکان لەبرەودانی میدیای گەشتیاری)  لە پاریزگای هەولێر ئامانج لەم لەتویژینەوە هەلسەنگاندنی رۆلی تۆرە کۆمەڵایەتیەکان لە بەرەودان وبەرەو پیش جونی کەرتی گەشتیاری وکاریگەری ئەم بەرەو پێش جوونە بۆ سەرکەرتی ئابوری وڵات وە بە سوود وەرگرتن لە راپۆرت وسەرچاوەکانی تۆرە کۆمەڵایەتیەکانی ومیدیا گەشتیاری هەولیر وە بە پشت بەستن بە شیوازی شیکاری و شیوازی راپرسی

ئەم تویژینەوە پیک دیت لە چەند بەشیک سەرەتاکەی لە پیشەکی وپوختەی بابەتەکە خرایتە روو دوانر خستنە روی کێشەی بابەتەکە ئامانجی توێژینەوە گرینگی توێژینەوەگریمانەی توێژینەوە سنووری توێژینەوە

بەشی دووەمی تۆژێنەوەکە پیک دێت : پێناسەی  تۆرەکۆمەڵایەتیەکان و سەرهەڵدانی بەرەوپێش چوونی تۆرەکۆمەڵاییتیەکان و تایبەتمەندییە سەرەکیەکان وگشتیەکانی تۆرەکۆمەڵایەتیەکان جۆری تۆرەکۆمەلایەتیەکان کاریگەریە ئەرێنەکانی تۆرەکۆمەڵایەتیەکان زیانەکانی

تۆرەکۆمەڵایەتیەکان بەشی سێیەم توێژینەوەکە پیک هاتووە لە میدیای گەشتیاری پێناسەی رێکلام دووەم جۆرەکانی ریکلام و گرینگی ریکلام و تایبەتمەندی میدیای گەشتیاری ئەرکی میدیای گەشتیاری و گرینگی میدیای گەشتیاری و برەودانی گەشتیاری دەرئەنجامەکان راسپاردە وپێشنیارەکان  لیستی سەرچاوە پاشکۆ .

# بەشی یەکەم
# چوارچێوەی توێژنەوە

## پێشەکی

گەشت و گوزار یەکێکە لەو چاڵاکییە مرۆییەی کە سەرکەوتنێکی گەورە و بەرچاوی بەخۆیەوە بینی بەتایبەت لەو چەند ساڵانەی دوای کە پێشکەوتنێکی خێرای بەخۆیەوە بینی بەڵام ئەو بەرەوپێشچوون و پێشکەوتنە لەوڵاتێک بۆ وڵاتێکی تر جیاوازە وڵاتان بە درێژای بەرەوپێشچوونیان گرینگیان داوە بەو لایەنە ئەمەش بەهۆی ئەوەی درکیان بەو بەرەوپێشچوونەکردوە کە بەهۆی گەشت وگوزار ڕوودەدات لەگشت لایەنەکان لایەنی ئابووری و کلتووری و نەتەوەی و زمانەوانی و درووستبوونی هەڵی کار وە فراوانبوونی و هۆکارەکانی گواستنەوە وە گشت لایەنەکانی و کاری دەستی و دەست ڕەنگینی و وێنەگرتن و لایەنە هونەرییەکانی تری وڵات تەکنەلۆژیای سەردەم و پێکهاتەکانی بە یەکێک لە گرینگترین هۆکارەکانی بەرەوپێشچوون دادەنرێت کە ئەمەش ڕۆڵی زۆری هەیە لەسەر گشت لایەنەکانی مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و گەشت و گوزار و یاسا و بەتایبەتی بواری ڕاگەیاندن و تۆرەکۆمەڵایەتیەکان لە ڕێگەی بەرنامەکانی وەکو (تویتەر، تیکتۆک، یوتیوب، ئینستگرام) کەسانێکی زۆر ئەو تۆرەکۆمەڵایەتیانە بە کاردەهینن بۆ بڵاوکردنەوەی وێنەکانیان کە لە کاتی گەشت گرتوویانە هەروەها ئەو تۆرانە بە کاردەهێنن بۆ وەسفکردنی ئەو شوێنانەی کەسەردانیان کردووە ئاسانتر ئەو شوێنە گەشتیاریانە پێناسە دەکرێن و بەشێوەیەکی فراوانتر بە خەڵک دەناسرێندرێن و بەهۆی ئەم زانیاریانە لەسەر شوێنەکان دادەنرێت و ڕێکلامیان بۆ دەکرێت ئەمەش وای کردووە ڕێژەی گەشتیار زیاد بکات بۆ ئەم شوێنە گەشتیاریانە و شتیکی ئاشکرا و ڕوونە کە گەشت و گوزار بووە بەلایەنێکی گرینگی ئابووری و یەکێکە لە لایەنی بەهێزی ئابووری وڵاتان و بواری گەشت و گوزار پێویستێکی زۆری بە تۆرەکۆمەڵایەتیەکانەوە هەیە بۆ بەردەوام بوون و نوێگەری وە پێویستی بەکەسی شارەزا هەیە لە بواری تۆرەکۆمەڵایەتیەکان و بواری ڕێکلام کردن.

## ١-کێشەی توێژینەوە:

١-ئایا تا چەند تەکنەلۆژیا و تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان ئاسان کاریان کردووە لە بەڕێوبردنی پرۆژە گەشتیاریەکان.

٢-پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و تۆرەکۆمەلایەتیەکان تا چەند بەژداریان کردەوە لە پێشکەوتنی بوارەکانی ژیان.

٣-ئەو ئاسانکارییانەی کە تۆرەکۆمەلایەتیەکان بۆ گەشتیاری دەیرەخسێن چین.

٤-پێشکەوتنی تەکنەلوژیا و تۆرەکۆمەلایەتیەکان تا چەند بەژدارییان کردوە لە پێشکەوتنی گەشتیاری و خزمەتگوزارییەکانی گەشتیاری.

٥-بەڕێوبەری هۆتێلەکان چۆن سوودیان بینیوە لەبەرنامەکانی (فیسبووک، تویتەر، یوتیوب، گوگڵ) بینیوە.

٦-ئایا خەڵک بەشوێنە گەشتیاریەکان بەشێوەیەکی ئاسانتر و بەرێگایەکی خێراتر و شێوازێکی فراوانتر هەموو ئەو پێویستیانەی گەشت و گوزار دەری دەخات کە چەند گەشتیاری پێویستی بە رێکلامی تۆرەکۆمەڵایەتیەکان هەبێت.

## ٢-ئامانجی توێژینەوە:

ئامانجی سەرەکی ئەو توێژینەوە ناسینی رۆڵی تۆرەکۆمەڵایەتیەکانە لەبرەودانی راگەیاندنی گەشتیاری کە خۆیان لەو خاڵانە دەبینەوە:

١-زانینی رادەی پشت بەستنی گەشتیاری ناو خۆی و دەرەکی بە تۆرەکۆمەڵایەتیەکان وەک رێبەرێکی گەشتیاری.

٢-زانینی رۆڵی تۆرەکۆمەڵایەتیەکان لە جوڵەی گەشتیاری لە هەرێمی کوردستان.

٣-زانینی رۆڵی تۆری کۆمەڵایەتیەکان لە ناساندنی شوێنە گەشتیاریەکانە بە گەشتیارانەوە.

٤-زانینی رۆڵی تۆرەکۆمەڵایەتیەکان لە بڵاوکردنەوەی هەواڵ و زانیاری دەربارەی خزمەتگوزارییە گەشتیارییەکان.

## ٣-گرینگی توێژینەوە:

گرینگی ئەو توێژینەوە لەوە دایە گرینگی بەکارهێنانی تۆرەکۆمەڵایەتیەکان و رێکلامکردن دەردەخات لەبەرەو پێشبردنی کەرتی گەشتیاری:

١-گرینگی تۆرەکۆمەڵایەتیەکان لەبەرەوپێشچوونی کەرتی گەشتیاری.

٢-گرینگی هۆشیارکردنەوەی لایەنی پەیوەندیدار بە بەرێوەبردنی کەرتی گەشتیاری لەبەکارهێنانی تەکنەلۆژی و تۆرەکۆمەڵایەتیەکان.

٣-هۆشیارکردنەوەی خەڵک لەبەکارهێنانی تۆرەکۆمەڵایەتیەکان بۆ شارەزابوونی زیاتر لە شوێنە گەشتیاریەکان.
٤-لەرێگای تۆرەکۆمەڵایەتیەکان گرینگی بەگەشتیاری ناوخۆ بدرێت لە جیاتی گەشتکردن بۆ دەرەوەی وڵات و تێچووی زیاتر.
٥-بەهۆی گەشەکردنی گەشتیاری ناوخۆ ئابووری وڵات بەرەوپێش دەچێت و دەستی کاریش زیاتردەبێت و بێکاری کەم دەکاتەوە.

## ٤-گریمانەی توێژینەوە:

١-گریمانەی دانپێدراو (H١) تۆرەکۆمەڵایەتییەکان رۆڵێکی سەرەکی دەبینن لە برەودانی میدیای گەشتیاری و ڕاکێشانی گەشتیار.
٢- گریمانەی سفری (HO) تۆرەکۆمەڵایەتییەکان رۆڵیان نییە لە برەودانی میدیای گەشتیاری و ڕاکێشانی گەشتیار.

## ٥-سنووری توێژینەوە:

١-سنووری کاتی لە مانگی ٢٠٢٣/١٠ تاوەکو مانگی ٢٠٢٤/٤.
٢-سنووری شوێنی-هەولێر بەڕێوبەری هۆتێلە پێنج ئەستێرەکان.

٦-مۆدڵ توێژینەوە




(لەلایان توێژەران)

# بەشی دووەم: تیۆری
## تەوەرەی یەکەم:تۆرە کۆمەڵایەتیەکان
## تەوەرەی دووەم:میدیای گەشتیاری

پێشەکی

تۆرەکۆمەڵایەتیەکان: کۆمەڵە تۆرێکی ئەلیکترۆنی رێکخراوە کە رێگە بە بەژداربووان دەدات بەدروستکردنی ئەکاونتی تایبەت بە خۆیان بۆ بەیەک گەیشتن بە هاورێکانیان و ئاسانکردنی پەیوەندی کردن لەگەڵ کەسانی دەوروبەر ئەم بەرنامانە کاردەکەن لەسەر بنەمای چالاک بوونی تاکەکان و فراوان بوونی پەیوەندییە کۆمەلایەتییەکان لەگەڵ یەکتر و ئاڵوگۆرکردنی زانیاریەکان بەشێوەیەکی ئاسانتر. (الراشد.ریشد.٢٠١٤)

برەودان بۆ رێکلامی کەرتی گەشتیاری: چالاکییەکی گشتییە کە هەوڵ و ماندووبوونی کۆمەڵێک کەس لە خۆدەگرێت کە ئەو هەوڵە دراوە بۆ ناساندنی شوێنەگەشتیارییەکان و رێکلامکردن بۆیان لەرێگای تۆرەکۆمەڵایەتییەکان بۆ زیاتر ناساندن کەرتی گەشتیاری بەخەڵکی بیانی و ناوەخۆی و سەرنجیان ڕابکێشێت و زیادکردنی ڕێژەی گەشتیاری لەم وڵاتە (الحمیداد.علی.٢٠١٣)

## تەوەرەی یەکەم: تۆرەکۆمەلایەتییەکان

### یەکەم: پێناسەی تۆرە کۆمەڵایەتییەکان

تۆرەکۆمەلایەتییەکان: لە ویبسایتەکان هەڵدەستن بە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بەتاکەکان کە لەرێگای ئەو خزمەتگوزارییە بیر و بۆچوونەکانیان دەردەبرن و هەڵبژاردنی ئەو تاکانەی کە دەیانەوێ ئەم بیر و بۆچوونەیان لەگەڵ هاوبەش بکەن و گۆرینەوەی زانیاری لەگەڵیان (عمر.نصردین. ٢٠١٣)

تۆرەکۆمەڵایەتییەکان: بەرهەمی پێکهاتەیەکی بیرکردنەوەی زانستی مرۆڤە کە بەمەبەستی بەرەو پێش بردن و سەرخستنی کۆمەڵگا بۆ ئاستێکی بەرز بەرهەم هاتوون وە هەلێکە بۆ تاکەکان و کۆمەڵگاکان بۆ دروستکردنی پەیوەندی وئاڵوگۆرکردنی بەرهەمی زانستی و بیر و بۆچوونە جیاوازەکانیان بۆ گەیشتن بە ئامانجی باشتر و دەستکەوتی نایابتر و ئاوەدانکردنەوەی جیهان (مکتبة المثقفون.٢٠١٦)

تۆرەکۆمەڵایتیەکان: کۆمەڵێک بەرنامەی ئەلیکترۆنین بۆ ئەمە بەرهەم هاتوون تا پەیوەندی لەنێوان تاکەکان دروستبکەن جا بۆ هەر هۆکارێک بێت کۆمەلایەتی بن یان ئابووری بن یان سیاسی بن یا هەر هۆکارێکی تر بێت و کۆمەڵگاکان لەیەکتر نزیک دەکەنەوە و گۆرینەوەی بیر و بۆچوون و زانیاری ئاسانتر بێت و جیهان بچوکتر بێت (الضافری. داود .٢٠١٤)

### دووەم: سەرهەڵدان و بەرەو پێشچوونی تۆری کۆمەڵایەتییەکان:

لەناوەڕاستی ساڵی نەوەتەکانی سەدەی رابردوو تۆرەکۆمەڵایەتییەکان شۆرشێکی تەکنەلۆژیای بەرچاوی دروست کرد کە بەتەواوی ئاڕاستەی جیهانی گۆڕی بەرەو ئاڕاستەیەکی جیاواز و

بەتایبەتی ئەو بەرنامەی تۆرەکۆمەڵایەتییەکان کە بەمەبەستی دروستکردنی پەیوەندی و بەیەک گەیشتنێکی خێراتر دروستکراون ئەمەش گۆڕانێکی مەزن بوو کە گەیشتە هەموو شوێن و پارچەیەکی هەموو ئەو گەردوونەی بە ئاسمانەوە بەستەوە و هەموو شوێنەکانی نزیکتر کردەوە و دووریەکانی نەهێشت بەمەبەستی دروست کردنی پەیوەندی دۆستانە و ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی لەنێوان تاکەکان و کۆمەڵگاکان ئەمەش دەرگایەکی فراوانی کردەوە بەڕووی برەودان بەکەرتی ڕاگەیاندن بەشێوەیەکی فراوانتر و گرینگەیەکی زۆری بۆی هەبوو و کاریگەری لەسەر خودی تاک هەبوو و کاریگەری لەپەیوەندی تاک بە تاکەکانی تریشەوە هەبوو وە ئەمەش وای لە کەرتی ڕاگەیاندن کرد کە گرینگی زۆر بەو تۆرەکۆمەڵایەتییانە بداتن چونکە درکی کرد کە ئەم تۆرانە دەرگایەکی راستەقینەن بۆ گەیشتن بە ئامانج و دروستکردنی کاریگەری زۆر دەکات لەسەر زۆرترین ژمارە لە تاکەکان و بەشێوەیەکی ئاسانتر بە زۆرترین شوێن و فراوانترینیان لە جیهان پێیان دەگات چونکە ڕاگەیاندن بە گشت ئامرازەکانی و گرینگترین پێکهاتەکانی جیهانی نوێ پێکدەهێنێت و کاریگەری لەسەر گشت لایەنەکانی فکری و ئایدیۆلۆژی و فیسیۆلۆجی مرۆڤەکان دروست دەکاتن لەرێگای ئەم بابەتانەی دەیان خستەڕوو کە تا چەند گرینگن و کاریگەریان لەسەر دەروونی مرۆڤەکان وبیر و بۆچوونەکانیان دروست کردووە و بەرەو چ ئاڕاستەیێکیان دەباتن وە تۆرەکۆمەلایەتییەکان بە یەکێک لەگرینگترین ئەنجامەکانی تۆرە کۆمەڵایەتیەکان دادەنرێت کە وای کردووە مرۆڤەکان بیر و بۆچوونەکانیان بە شێوەیەکی ئاسانتر بگۆڕنەوە و بگەن بە ئامانجەکانیان و خستنەڕووی چالاکییەکانیان و بەشداری کردن بە دەستکەوتەکانیان (بولروایح.٢٠١٦)

## سێیەم: تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی تۆرەکۆمەڵایەتییەکان:

سیفەتە سەرەکییەکانی تۆرەکۆمەڵایەتییەکان دەگەڕێتەوە بۆ تیۆری (پشت بەستن) و ئەم خاڵانەی ئەم تیۆرە لەسەری دەوەستێت:

١-چالاکبوون: ئەم کردارەیە کەوا لە بەژداربووان دەکات بەردەوامی بە پەیوەندییەکانیان بدەن لە تۆرە کۆمەڵایەتییەکان بەهۆی چالاکبوونیان لە بلاوکردنەوە و ئاڵوگۆرکردنی زانیاریەکان و تۆرە کۆمەڵایەتییەکان پاڵپشتی کۆمەڵگا و چینی کالاکە دەکات.

٢-گونجاندنی کاتی: توانای وەرگرتن و کردنەوە و خوێندنەوەی نامەکانی تۆرەکۆمەڵایەتییەکان لەکاتی گونجاو ئەوەی لەسەر کەرتی ڕاگەیاندنە ئاگاداری ئەوە بێت کەی کاتی گونجاوە بۆ ڕاگەیاندن و چ کاتێک جەماوەر توانای خوێندنەوەی هەیە چونکە ڕاگەیاندن پێویستی بە ڕاگەیاندنە گرنگە ڕاگەیاندن کاتی چالاکبوونی جەماوەر بزانێت.

## تایبەتمەندییە گشتییەکانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان:

لێرەدا ئاماژە بەهەندێک تایبەتمەندی گشتی تۆرەکۆمەڵایەتییەکان دەدەین:

١-چالاکبوونی ڕاگەیاندن و تۆرەکۆمەڵایەتیەکان باوەریان بەوە هەیە کە چالاکبوون پەرە بەسەرکەوتووی و بەردەوامی تۆرەکۆمەڵایەتییەکان دەدات لەرێگای بلاوکردنەوەکانیان و کۆمێنت کردنیان.

٢-تایبەتمەندە بەخێرای گواستنەوەی زانیاری و گۆڕینەوەی ڤیدیۆ و وێنەکان لە نێوان تاکەکان.

٣-پەیوەندی کردن بە تۆرەکۆمەڵایەتییەکان لەرێگای مۆبایلی زیرەک و کۆمپیوتەر دەبێت.

٤-هۆکارە نوێییەکانی ڕاگەیاندن یەکێکە لە ئامرازەکانی رێکلامکردن بەشێوەیەکی خێراتر وتێچوونێکی کەمتر.

## رۆڵی تۆرەکۆمەڵایەتییەکان روون و ئاشکرایە کە تۆرەکۆمەڵایەتییەکان رۆڵێکی گرینگیان هەیە لە ڕاپەراندنی کۆمەڵێک ئەرکی تاک و کۆمەڵگاکان:

١-ئاسانی دروستکردنی پەیوەندی لەنێوان تاکەکان.

٢-توانای بلاوکردنەوەی بیر وو بۆچونەکان و گفتوگۆ و شیکردنەوەیان.

٣-گۆرینەوەی کلتور وبیر و بۆچوون و سوود وەرگرتن لە تاکەکانی کۆمەڵگاکانی تر.

٤-بلاوکردنەوەی هۆشداری و خێرای وەرگرتنی زانیاری.

٥-چێژبەخشین و دڵخۆشکردن لەرێگای بلاوکردنەوەی کورتە ڤیدیۆ و وێنەی پێکەنیناوی.

٦-بازرگانی کردن و رێکلامکردن لەرێگای تۆرەکۆمەڵایەتییەکان کە کۆمپانیاکان لەکاتی ئێستادا تا ڕادەیەکی زۆر پشت بەم تۆرەکۆمەڵایەتییانە دەبەستن بۆ خستنەڕووی کالاکانیان و فرۆشتنیان.

٧-ئازادی دەربرینی بیر و بۆچوونی تاکەکان لەسەر بابەتە جیاوازەکان کە لە کۆمەڵگا ڕوودەدەن. (الراشد.٢٠١٤.٢٢٧).

## چوارەم: دیارترین جۆری تۆرەکۆمەڵایەتییەکان:

یەکەم: فیسبوک کە لەلایەن (مارک زوگر بێرج) دروستکرا کە قوتابی زانکۆی هارفارد بوو وای کرد قوتابییەکانی زانکۆی هارفارد بەیەکەوە کۆبکاتەوە بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی ئاسانتر زانیارییەکان بگۆڕنەوە مارک لەساڵی ٢٠٠٤ هەڵسا بەجێبەجێکردنی ئەو بیرۆکەیە و ئەو بەرنامەیە خواستیکی زۆری لەسەر بوو لەلایەن قوتابیان لە ماوەی دوو هەفتە قوتابیانی (بۆستن) داوای ئەوەیان کرد کەئەوانیش ببن بە بەشێک لە بەکارهێنانی ئەو بەرنامەیە چونکە ئەو بەرنامەیە تایبەت بوو بە قوتابیانی هارفارد دواتر مارک داوای یارمەتی کرد لە دستن مسکویتز کریز بۆ

فراوانکردنی ئەو تۆرە توانیان لەماوەی چوار مانگ زیاتر لە ٣٠ هەزار کەس بهێنە ناو ئەو تۆرە و ببنە بەکارهێنەری
لەساڵی ٢٠٠٧ ڕێگە بەهەموو کەسێک درا کە بەژداربێت لە بەکارهێنانی بەرنامەی فیسبوک تا وای لێهات لەماوەی ساڵێک ژمارەی بەژداربووان بگاتە ١،٧ ملیار بەکارهێنەر کە بەڕێژەی ١٧٪ بەکارهێنەرانی بەرز بۆیەوە دانەری فیسبوک ئەو کاتە کورتە بە کاتی زێرین ناو دەبات زیادکردنی خزمەتگوزاری ڤیدیۆ ژمارەی بە کارهێنەرانی زیادکرد فیسبوک لەسەر مۆبایلە زیرەکەکان بەکاردەهێنرێت و کۆمەڵێک لقی هەیە هەریەکێکیان بۆ شتێکی تایبەت بەکاردێت وەکو (messenger ) کە تایبەتە بە ناردنی کورتە نامەی خێرا و بەرنامەی (pages) کە تایبەتە بەبەڕێوەبردنی پەیجەکان هەروەها بەرنامەی (mention) تایبەتە بە بەڕێوەبردنی گروپەکان و بەرنامەی (events) تایبەتە بە بۆنەکان و ئەم دوو بەرنامەیە تایبەتە بە بەڕێوەبردنی کۆمپانیاکان (work chat/workplace) گۆڕینەوەی زانیاری لە نێوان کارگوزارەکانیان و گۆڕینەوەی فایلەکان.(سامیە.٢٠٢٣.ل٦٧)

دووەم تویتەر: یەکێکە لەگرینگترین بەرنامەکانی تۆڕەکۆمەلایەتییەکان چونکە ڕێگە بە بەکارهێنەرانی دەدات کە شتێک دەربڕن دەربارەی بارودۆخی خۆیان کە پیتەکانی لە (١٤٠) زیاتر نەبێت کە دەتوانن تێیدا ئاڵوگۆری بیر و بۆچوون بکەن کە بەکارهێنەر دەتوانێ لە ڕێگای ئیمێلیشەوە وەلامی کۆمێنت و نامەکان بداتەوە (vip for soft.٢٠١١ ) کە ژمارەی بەژداربووان تێیدا لەساڵی ٢٠١٠ گەیشتە ١٦٠ ملیۆن و لە ساڵی ٢٠١١ گەیشتە ٢٠٠ ملیۆن بەژداربوو وە لەم بەرنامەی سکیوریتیەکەی زۆر بەرزە کە ڕێگا بە هیچ کەسێک نادات کە فۆلۆت بکات و سەیری بلاوکراوەکانت بکات تا خۆت ڕێگای پێ نەدەیت بەلام لەسەرەتای بەژداری کردن هەموو شتەکان گشتین لە بەرنامەکە و هەموو کەس دەتوانێ بیبینێت پێویستە کەسەکە خۆی بیکاتە تایبەت تا پارێزگاری لە تایبەتمەندی خۆی بکات

### تویتەر کۆمەڵێک تایبەتمەندی لە خۆ دەگرێت کە ئەمانەن:

١-خێرای هاورێیەتی کردن کە بە یەک کلیک دەبێتە هاورێی.
٢-ژمارەی هاورێیەتی دیاریکراو نییە لە تویتەر.
٣-دانانی نوێترین هەواڵ و ڕووداوەکان بە خێراترین کات.
٤-پارێزگاری تایبەتمەندی لە تویتەر بەرزترە لە بەرنامەکانی تر.
٥-ئەوەی کە وای کرد تویتەر بەناوبانگ بیت یەکەم بەرنامەیە کە هاشتاگ تێیدا بەکارهات بۆ ئاماژەکردن بە ڕووداوێکی دیارکراو و گرینگ بەکاردێت وە لە کاتی داگرتن لەسەر هاشتاگەکە هەموو هاشتاگەکانی تر دەخرێنەڕوو ئەگەر هاورێی یەکتریش نەبن

سێیەم یوتیوب: یوتیوب لەساڵی ٢٠٠٥ دروستکرا لەسەر دەستی هەندێک لەکارمەندانی کۆمپانیای بای باڵ ئەوانیش  لە کالیفۆرنیا لە ولایەتەیەگرتووەکانی ئەمریکا لەساڵی ٢٠٠٨ بیرۆکەی ئەو بەرنامە لەسەر ئەوە بنیاد نراوە کە بتوانێت هەرچی ڤیدیۆ و مۆسیقایە و هەر شتێ پەیوەندی بەو بابەتە هەبێ لەرێگای ئەم بەرنامەیە بخرێتە ڕوو بۆ بینەران بێ بەرامبەر (شەفیق.٢٠١١.لا٢١٣)

لەساڵی ٢٠٠٦ کۆمپانیای گوگڵی بەناوبانگ هەڵسا بەکڕینی بەرنامەی یوتیوب بە (١،٦٥) ملیار بەرێگای پشک (بی بی سی..٢٠١٥) یوتیوب بە پلەی دووەم دێت لە دوای گوگڵ لەڕووی بەکارهێنەرانەوە وە لە تایبەتمەندییەکانی یوتیوب کە توانیان بەژداری بە ڤیدیۆ و بابەتەکانیان بکەن و لایف بکەن بەبێ بەرامبەر و بەپێی یاسای بەرنامەکە وە دەتوانن کۆمێنت بکەن و پەیجی تایبەت بەخۆیان دروست بکەن و پێناسەی ئەو کەسە دەکات کە شتی بڵاوکردۆتەوە وە ئایا بابەتەکانی بەسوودن یاخود نا بەرواری بڵاوکردنەوەیان دیاربێت کە کەی بڵاوکراوەتەوە (کمال.٢٠١٤.لا٥٨).

## تایبەتمەندییەکانی تری یوتیوب:

١-پەیوەستکردنی گشت زانیارییەکانی تایبەت بەهەر پۆستێک.
٢-بەکارهێنەر دەتوانێ هەر شتێک بیەوێت زیاتر لە جارێک ببینێتەوە هەر کاتێک ویستی.
٣-دەتوانن ڤیدیۆکان چاک بکەن پێش پۆستکردنیان.
٤-توانای وەرگێرانی ڤیدیۆی پۆستکراو.
٥-ئاسانی بە کارهێنانی بەرنامەکە.

چوارەم ئینستگرام: یەکێکە لە بەرنامە نوێیەکان کە پەرەی پێدراوە لەساڵی ٢٠١٠ بەرهەم هاتووە کە بەکارهێنەرانەی دەتوانن وێنە وکورتە ڤیدیۆی تێدا بڵاوبکاتەوە دەتوانێ فۆلۆی کەسانی تر بکرێتەوە ئەو بەرنامەیە خواستێکی زۆری لەسەر بوو ئەمەش وایکرد کۆمپانیای فیسبوک دەستی بەسەر بگرێت بەنرخی یەک ملیار دۆلار کە لەگەڵ تۆرەکۆمەڵایەتییەکەی دەگونجا وە سوودێکی زۆری ماددی هەبوو  لە دیسەمبەری ٢٠١٠ ژمارەی بەژداربووان یەک ملیۆن کەس بوو بەڵام لەدوای ساڵێک رێژەکەی ٥٠٪ زیادی کرد تاوەکو رێژەی بەژداربووان گەیشتە ٥ ملیۆن بەژداربوو و لەساڵی سێیەم رێژەکەی بووە ٣٠ ملیۆن بەتایبەت لەدوای ئەوەی بەرنامەکە بە بەرنامەی ئەندرۆید کاراکرا رێژەی بەژداربووان گەیشتە ٥٠٠ ملیۆن لەساڵی ٢٠١٦ کەژمارەی پێوانەی تێپەراند کە مانگانە رێژەیەکی بێ سنوور ئەم بەرنامەیە بەکاردەهێنن. (التمیمی.حمید.٢٠١٥)

## پێنجەم: کاریگەرییە ئەرێنییەکانی تۆرە کۆمەڵایەتییەکان:

ڕوون و ئاشکرایە کە پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و تۆرەکۆمەلایەتییەکان کاریگەری ئەرێنی لەسەر ژیانی ملیۆنان تاک و کۆمەلگاکان دروست کردووە بەهۆی ئەو گۆرانکاریانەی لەگشت لایەنەکان وەک لایەنی کۆمەڵایەتی و ئابووری و ئەکادیمی و سیاسی بەسەر جیهانی داهێناوە

١-دەروازەیەکی نوێی بەرەو ڕووی جیهان کردەوە کە تاکەکان وەکو دەروازەیەکی نویَ لێی دەڕوانن کە تێیدا بە ئاسانی دەتوانن ئاڵوگۆڕی بۆچوونەکانیان بکەن.

٢-چەسپاندنی کەسایەتی تاک بۆ ئەو تاکانەی کەناتوانن لەکۆمەڵگا بیر و بۆچوونیان دەرببڕن لەم تۆرەکۆمەلایەتییانە بیر و بۆچوونی خۆیان زۆر بە ئاسانی دەردەبڕن.

٣-کراوە بوون بەهۆی ئەو بەرنامانەوە تاکەکان زیاتر کرانەوە بەهۆی ناسینی کەسی جیاواز لە گشت لایەنەکانی ئاینی و زمانەوانی و کلتووری کە بتوانن بەئاسانی مامەڵە لەگەڵ ئەم جیاوازییە بکەن و لەیەکتر قبوڵی بکەن.

٤-دوورکەوتنەوە لە دەمارگیری کە وای کرد زۆربەی کلتوورەکان تیکەڵ بن و یەکتر بناسن بەبێ بوونی هیچ ڕێگرییەک و دەمارگیرییەک و کەمتر کردنەوەی ناکۆکی نێوان کۆمەڵگاکان.

٥-نزیک کردنەوەی تاکەکانی خێزان لەیەکتر کە وای کردووە بەهۆی ئەو بەرنامانە تاکەکانی خێزان زیاتر ئاگاداری جوڵە و هەڵسوکەوتی یەکتر بن و لەیەکتر بپرسن

## شەشەم: گرنگترین زیانەکانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان:

سوودی تۆرەکانی سۆشیاڵ میدیا و ئەو توانا و سوودانەی کە بەکارهێنەر دەبەخشن زۆرن، بەڵام ئەمە نکۆڵی لە بوونی چەندین زیان و کاریگەری ئەرێنی ناکات لەسەر هەموو ئاستە کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و سیاسی و ئابوورییەکان.

١-بڵاوکردنەوەی بیرۆکە و بیروباوەڕ و بیرۆکەی توندرەو بەکاردەهێنرین، جا چ ئاینی بێت، چ سیاسی بێت، کە یان رەگەز پەرستی بیت، کە گەنجەکانمان بەئاسانی دەکاتە نێچیری هەموو ئەو بیرۆکانەی کە پێچەوانەی ئایین و ئەخلاق و داب و نەریتی کۆمەڵایەتی ڕەسەن بەها نەتەوەییەکان و سەر بەکۆمەلگان، ڕەنگدانەوەی کۆمەڵگایە لەگەڵ بڵاوبوونەوەی کۆنەپەرستی و دارمانی ئەخلاقی لێکۆلینەوەکە پێی وایە، هەندێک لەرێکخراوە تیرۆریستییە توندرەوەکان وەک ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش، پەیجیان لە تۆرەکۆمەڵایەتییەکانی وەک فەیسبووک دروستکردووە بۆ ئەوەی گەنجانی عەرەب ڕابکێشن بۆ ئەوەی بچنە نێو ڕێکخراوەکە و دامەزراندنیان بۆ ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی خۆکوژی و تیرۆریستی و بەتایبەتی لە دوای شۆرشەکانی عەرەبی.

٢-مەترسییەکانی پەیوەست بە باوەڕی ئایینی
هەندێک ڕێکخراوی گوماناوی ئینتەرنێت بەکاردەهێنن بۆ دروستکردنی پەیج لە تۆرەکۆمەڵایەتییەکان کە هێرش دەکەنە سەر ئایینی ئیسلامی و شێواندنی قورئانی پیرۆز و پێکهێنانی سورەتێک کە تەقلیدی سورەتە قورئانییەکان دەکەن بۆ تێکدانی ئیمانی موسلمانان، سەرەڕای ئەو تورەیی و نارەزاییەی کە ئەم هەوڵانە و ڕووژێنن لەدڵی موسڵمانانداندا نوێنەرایەتی هۆشیارداریيەکی راستەوخۆ دەکەن کە ئاگادارمان دەکاتەوە لە پێوستی ئامادەکردنی بانگخوازەکە، ئیسلامی گونجاو کە توانای مامەڵەکردنی لەگەڵ تەکنەلۆژیای کۆمپیوتەری دیجیتاڵی بەکاردەهێنێت بۆ چوونە ناو ئەم سایتانە و وەڵامدانەوەی گونجاو بۆ ئەو پرۆپاگەندانەی (درۆ و ئیدیعا) چەواشەکارانەی کەپەخشیان دەکەن

٣-مەترسییەکانی پەیوەست بە پۆرنۆگرافیای ئەلیکترۆنی:
تۆرەکانی سۆشال میدیا بەیەکێک لەئامرازە کاریگەر و سەرنجراکیشەکان دادەنرێت بۆ بڵاوکردنەوەی پۆرنۆگرافەی بەچەندین شێوە لەوانە وێنە و ڤیدیۆ و دیالۆگ، کە بۆ هەمووان دەستیان پێدەگات، مەترسییەکەیان لە ئەگەری دەستکەوتنی ئەو ماددانە منداڵ و هەرزەکارانە و بەرکەوتنیان لەگەڵدایە، سەرەڕای ئەوەی زۆر هەوڵی دایکان و باوکان هەیە بۆ ڕێگریکردن لەچوونەژوورەوەیان بۆئەم سایتانە کە ڕەنگە وێنەکان پەخش بکەن. پۆرنۆگرافی لەشێوەی نامەی ئیمێلی هەڕەمەکیدایە کە داگیرکەری نهێنی بەکارهێنەرە و هیچ سنوورێکی جوگرافی و نێودەوڵەتی ناناسێتەوە. هەرچەندە رۆژئاوا هەندێک جار تەسلیمی پۆرنۆگرافیای گەورە ساڵان دەکات بەناوی ئازادی و ڕێزگرتن لەتایبەتمەندی، ئەمەش منداڵان ناگرێتەوە دوای ئەوەی لەشفرۆشی منداڵان لەرێگەی تۆرەکانی سۆشیال میدیا و بڵاوکردنەوەی وێنەوە بڵاوبۆتەوە، پۆرنۆگرافییە بۆ منداڵانی بچووک، و هیچ نییە چاودێری یاسایی کە دەتوانێت ڕێگری بکات. لەبڵاوبوونەوەی ئەم وێنانە لەزۆرێک لەوڵاتانی جیهان

٤- هەستکردن بەگۆشەگیری و نامۆبوون:
زۆرێک لەتوێژەران ڕوونیان کردۆتەوە کە بەکارهێنانی ئینتەرنێت دەبێتە هۆی دابڕانی تاکەکان لەیەکتر و کاریگەری نەرێنی لەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی نێوانیان دەبێت، ئەمە جگە لەوەی جۆرێک لەتەنیایی و دابڕان و هەستکردن بەنامۆبوون دروست دەکات، وەک پەیوەندی تاکەکان لە ڕێگەی تۆرەکانی سۆشیال میدیا بەشێوەیەکی ناراستەوخۆ زیان دەگەیەنێت کاریگەری لەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە ڕووبەڕووەکانیان دەبێت و زیانیش بەو کاتە دەگەیەنێت کە پێکەوە بەسەر دەبەن، یەکگرتووییەک بۆ پەیوەندی کۆمەڵایەتی ئاسایی لەگەڵ خێزان و خزم و هاوەڵەکانیان،

بەرەوبردنی کاتژمێری زۆری تاکەکان لەسەری مانای گۆڕانکاری لە سیستەمی بەها کۆمەڵایەتییەکانیان، چونکە ئەم بەکارهێنانە زیادەڕۆییە بەها تاکەکەسییەکان بەهێز دەکات لەبڕی بەها کۆمەڵایەتییەکان و بەها کۆمەڵایەتییەکان کاری هاوبەشی بەکۆمەڵ، کە دەبێتە هۆی هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵایەتی، و چەمکی خێزان لەگەڵ پەیوەندییە ئاساییەکاندا لەناو دەبات، ئەوەش بۆ تێکدانی ژیانی کۆمەڵایەتی لەئەنجامی گۆڕینی کات. ئەوە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەی کە لەگەڵ خێزان و هاوڕێیان بەسەر دەبرد، ئەو کاتەیە کە لە تۆرەکۆمەڵایەتییەکان بەسەر دەبردرێت، وپەیوەندییە ناکەسییەکان لەوانەیە کاریگەری لەسەر هەموو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و جۆرەکانی تری کارلێکی کۆمەڵایەتی لەکۆمەڵگادا هەبێت و تویژینەوەکە پێی وایە کە ئەمە لەگەڵ ئەنجامی توێژینەوەکەدا یەکدەگرێتەوە ئەوەی دووپاتکردۆتەوە کەتۆرەکانی سۆشیال میدیا کاریگەری نەرێنی لەسەر گەنجان هەیە و وایان لێدەکات مەیلیان هەبێت درۆ لەگەڵ دایک و باوکیان بکەن، ئەمەش جۆرێک لەکەمی متمانە لەناو خێزان و هەستی گۆشەگیری و نامۆبوونی گەنجان قووڵتر دەکاتەوە
(عبد الفتاح.٢٠١٧.ل٤٨).

٥-ئالودەبوون بەئەلیکترۆنی:
توێژینەوەکە کە لە تۆرەکۆمەڵایەتییەکانەوە ئەنجام دراوە سەلماندی کەزیادەڕەویی لە بەکارهێنانی ئینتەرنێت دەبێتە هۆی ئالودەبوون بە ئەلیکترۆنی، کە هەرزەکاران و گەنجان زیاتر لەکەسانی دیکە تێوەگلاون، بەمەبەستی قەرەبووکردنەوەی کەموکورتی و بێزارییەکانی ژیانیان، وەک شکستی خوێندن و هەڵوەشاندنەوەی خێزان، نەبوونی چاودێری دایک و باوک، یان نەبوونی توانای دروستکردنی هاوڕێیەتی یان دەرچوون لەپەیوەندییە سۆزدارییە شکستخواردووەکان، دەبێتە هۆی بەسەربردنی ماوەیەکی درێژتر لەتۆرەکۆمەڵاییەتییەکان، کە ڕەنگە بگاتە ٤٠ کاتژمێر لەهەفتەیکدا، و کاریگەری نەرێنی لەسەر هەرزەکاران و گەنجان دەبێتە هۆی لەدەستدانی کاتێکی بەنرخ
ئالودەبوون بەئەلکترۆنی بریتییە لەبەکارهێنانی تۆرەکۆمەڵایەتییەکان (گەنج) و باس لەگەنجانی کۆمەڵایەتی و ئینتەرنێت دەکات بۆ زیاتر لە ٣٨ کاتژمێر لەهەفتەیەکدا، واتا ٧ کاتژمێر لە رۆژێکدا

٦- ساختەکاری و تەشەنەکردنی تاوانی ئەلیکترۆنی:
ساختەکاری و فێل لە ڕێگەی سۆشیال میدیاکانەوە بڵاوبۆتەوە بەفرۆشتنی کاڵا و خزمەتگوزاری ساختە، بەشداری کردن لەپرۆژەی وەبەرهێنان کە بوونیان نییە، یان دزین و بەکارهێنانی زانیاری کارتی بانکی و هەروەها سەرهەڵدانی ئینتەرنێت بۆتە هۆی سەرهەڵدانی جۆرێکی نوێی تاوان پابەندبوون بە بەکارهێنانی تۆرەکە، کە لەگەڵ زیادبوونی بەکارهێنانی ئینتەرنێت و گەشەکردنی بازاڕەکان و بۆ دزیکردن زیاد دەکات. داتایەکی زۆرە، وەک زۆرێک لەکۆمپانیاکان ئاواتەخوازن

پارەبدەن بۆ ئەوەی زانیاری ڕکابەرەکانیان بدزن، هەروەها سایتە گەلێک لە ئینتەرنێتدا هەن کە وانە دەڵێنەوە چۆن ئامێری کەسانی تر هاک بکەین. بەرنامەیان دابین دەکات بۆ ئەم کارە بۆ ئەوەی زانیاری ڕکابەرەکانیان بدەن توێژینەوەکە پێی وایە هەرزەکاران و گەنجان ئەو گروپانەن لەکۆمەڵگە بەهۆی تەمەنی گەنجی و کەمی ئەزموونیانە زۆرترین بەرکەوتەی ساختەکارین و ساختەکاری ئەلیکترۆنی دەبن، ئەمەش داوای دەکات پێوستی بە هەبوونی خولی هۆشیاری لەقوتابخانە و زانکۆکان بۆ ئاگادارکردنەوەی هەرزەکاران و گەنجان لەشێوازەکانی ساختەکاری ئەلیکترۆنی و چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵیان لە ئەگەری بەرکەوتنی هەوڵی ساختەکاری لەرێگەی تۆڕەکانی سۆشیاڵ میدیاوە.

٧-نەبوونی نهێنی و متمانە و باوەڕپێکراوی:
ئاسایشی ناتەواوی زانیاری لە ئینتەرنێتدا بڵاودەبێتەوە، لەگەڵ ئەگەری هاککردنی، هەروەها ئەگەری ئەوەی حکومەتەکان لە تۆڕە سۆشیاڵ میدیاکاندا بچنە ناو تایبەتمەندی هاوڵاتییانەوە و چاودێری پەیج و بڵاوکراوەکانیان بکەن و سیخوڕیکردن بەسەر تاک دامەزراوەکان و وڵاتانی دیکە

٨-ساختە و ساختەکاری ئەلیکترۆنی:
بەهۆی گەشەسەندی تەکنیکی گەورە لە کۆمپیوتەر و چاپکەری و ڕەنگاوڕەنگ و بەرنامەکانی سکانکردن و پرۆسێسی وێنەدا کە لە ئینتەرنێتدا بڵاوبوونەتەوە، بواری ساختەکردن و ساختەکردن و دزین و ساختەکردنی وێنەی تاکەکان لە تۆڕەکانی سۆشیاڵ میدیا فراوانتر بووە بەجۆرێک کە وێنە ساختەکان نزیکە لەگەڵ ئەسڵیدا بگونجێت، بەڵام لەدۆخێکی نائەخلاقیدا، دواتر ڕەشبگیری خاوەنەکانیان دەکەن دوای پارەیان لێدەکەن، واژوو تاکەکەسی لەسەر بەڵگەنامە و گرێبەستەکانیش ساختە دەکرێن، و دەست بەسەر پارە و موڵکەکانیاندا دەگیرێت
(عبد الفتاح.٢٠١٧.ل٧٨).

٩- مەترسییە تەندروستی و دەروونییەکان:
لەساڵی ٢٠١٤ ی زایینی چارلز وایت توێژینەوە زانستییەکان، وەک توێژینەوەکەی چارلز وایت، سەلماندیان کە ئەو ماوەیەکی تاک بەسەری دەبات بە بەکارهێنانی کۆمپیوتەر بۆ کار یان بەکارهێنانی ئینتەرنێت تۆرەکۆمەڵایەتییەکان دەبێتە هۆی نیشانەکانی سەرئێشە و خراپی بینین و ئازاری مل، شان پشت و دەست و مەچەک، بەتایبەتی لەو منداڵانەدا کە هێشتا ئێسکەپەیکەرەکانیان لەقۆناغی دروستبووندایە، و بەکارهێنەری تۆرەکۆمەڵایەتییەکان دەتوانێت ناو تەمەن و دەرکەوتن و کاردانەوەکانی بشارێتەوە لەکاتی بەکارهێنانی خزمەتگوزارییەکانی ئینتەرنێتدا و بەم جۆرە هەندێک تاک کە هەست بەتەنیایی نائەمنی دەکەن لەژیانی راستەقینەدا سوود وەردەگرن بۆ دەربڕینی بە

نهێنییە کەسییەکانیان، ئارەزووە نێژراوەکانیان، و هەستە سەرکوتکراوەکانیان، کە دەبێتە هۆی و ئاشنابوون و بەڵام کاتێک ڕووبەڕووی ئەو ڕاستییە دەبنەوە کە کۆمەڵگەی مەجازی لەسەر ئینتەرنێت ناتوانێت ئەو خۆشەویستی و سەرنجە بەدەستبهێنێت کە کۆمەڵگەی ڕاستەقینە بەدەستی دەهێنێت ئەم تاکانە بەر نائومێدی ڕاستەقینە و هەستکردن بەئازار دەبن و تووشی نەخۆشی دەروونی دەبن کە ڕەنگە ببێتە هۆی خۆکوشتنیان

١٠-مەترسی لەسەر ئاسایشی گشتی:
تاوانەکان لەڕێگەی ئینتەرنێت و تۆرەکانی سۆشیال میدیاوە بەشێوەیەکی بەرچاو زیادیان کردووە و ئەو تاوانانە کە پەیوەندییان بەمافی تایبەت و ئاسایشی گشتی ئاسایشی نەتەوەیی ولاتانەوە هەیە، بەو پێیەی توخمە تێکدەرەکان لەکۆمەڵگادا کە تۆرەکانی سۆشیال میدیا بەکاردەهێنن بۆ ناردنی پەیامی کۆدکراو کەپەیوەندییان بەقاچاخچێتی माددە هۆشبەرەکانەوە هەیە، سپی پیستەکان بازرگانی کۆیلە، و بازرگانیکردن بە ئەندامەکانی مرۆڤ کە لەم ساڵانەی دواییدا بۆ هاندانی تێکدان وە توندوتیژی توندرەوەکان و ئەوانەی ئۆپراسیۆنی تیرۆریستی ئەنجام دەدەن و سیخوری بەیەکێک لەمەترسیدارترین نەرێنییەکانی ئەم تۆرە جیهانییە دادەنرێت وەک ئاسانە هرشی ئەلیکترۆنی لەلایەن هەرلایەنیک یان لایەنیکەوە ئەنجام بدرێت چونکە ئەمە پێوستی بەژوورێکی ناوەندی ئۆپراسیۆنی زانیاری نییە بەڵکو تەنها پێوستی بەکۆمپیتەرێک هەیە کە بەستراوەتەوە بەئینتەرنێتەوە، ئەوەی لەبواری سەربازی دەکەین بۆ سیخوری لەپیشەسازی و بازرگانیدا دەگونجێت بوارەکان وە توێژینەوەی زانستی وە تاکەکان توێژینەوەکە دەرکەوتووە کە ڕێکخراوە تیرۆرستییەکان تۆڕەکانی سۆشیال میدیا بەکاردەهێنن بۆ پەرەپێدانی بیرۆکە توندڕەوەکانیان، ڕاکێشان و دامەزراندنی گەنجان بۆ ئەوەی پەیوەندیان پێوەبکەن، هەروەها کلیپی ڤیدیۆی ئۆپراسیۆنەکانی بۆردومانکردنی و سەربڕینی خەڵکی مەدەنی و کوشتنیان بەترسناکترین شێوە بڵاودەکەنەوە بۆ ترساندنی خەڵک، بڵاوکردنەوەی ترس، و بۆ ناسەقامگیرکردنی وڵاتان، هەروەک چۆن ڕێکخراوی تیرۆرستی داعش لەعێراق و سوریا و لیبیا دەیکات لەمیسر ئینتەرنێت بەکارهێنرا بۆ بانگەواز کە تۆرەکۆمەڵایەتییەکان و یوتیوبیان بەکارهێنا بۆ گەنجان کۆبکەنەوە و هانیان بدەن کە کردەوەی توندوتیژی و تێکدان و سوتاندنی دامەزراوەکانی دەوڵەت ئەنجام بدەن هەروەها ڤیدیۆ پەخش کە فێری چۆنیەتی ئامادەکردنی کۆکتێلی مۆلۆتۆڤ بکەن بۆ ئەوەی لەکاتی خۆپیشاندانەکاندا ڕووبەڕووی هێزە ئەمنییەکان ببنەوە. ئەوەی بابەتەکە مەترسیدارتر دەکات ئەوەیە کەهەرزەکاران و گەنجان گەورەترین گروپن لەکۆمەڵگادا کە ئینتەرنێت بەکاردەهێنن و جا چ لەماڵەوە بێت یان، وەک ئامارەکان ئاماژە بەوەدەکەن کە ٩٣٪ی ئەو هەرزەکارانە کە ئینتەرنێت بەکاردەهێنن، دایک و باوکیان ناناسن دەربارەی سروشتی ئەو شتانەی کە لە ئینتەرنێتدا دەگەڕێن و جۆری ناوەڕۆک کە بەرکەوتەی دەبن، بەهۆی سەختی توانای چاودێریکردنی ئەوەی لەئینتەرنێتدا بڵاو دەکرێتەوە

(عبد الحميد.محمد. ٢٠١٠. لا٣٧)
لێکۆڵینەوەکە پێی وایە دەبێت خێزان ڕۆڵی سەرپەرشتیاری گەورەی هەبێت بەسەر منداڵەکانیدا بەتایبەت لە تەمەنی هەرزەکاری و گەنجیدا و دەبێت چاودێری ئەو شتانە بکات کە منداڵەکانی لەتۆرەکۆمەڵایەتییەکاندا دەیبینن بۆ ئەوەی منداڵەکان نەبن بەئاسانی نێچیری توندڕەو و تاوانباران لەژێر ڕۆشنایی شۆڕشی زانیاریدا و تیرۆریستی هاوچەرخ دەزانێت کە کردەوە تیرۆریستییەکانی لە تەلەفزیۆن و ئینتەرنێت پەخش دەکرێن و تۆرەکۆمەڵایەتییەکان پڕ دەکەن و لە ڕادیۆ پەخش لە سەرانسەری جیهاندا بڵاو دەکرێنەوە. هەندێک دەڵێن تیرۆریستان و ئەوانەی بەرپرسی ڕووماڵی میدیایی هاوکارن، لە پەرەسەندنی تیرۆر و زیادەڕەویکردن لەڕووداوەکان بۆ زیادکردنی ڕێژەی بینین، بەو پێیەی تیرۆر بەبێ ڕووماڵی میدیایی کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر کۆمەڵگەدا نییە (خلیل. ٢٠١٤. لا٢٩).

١٢-لەشکرکێشی کلتووری بۆ وڵاتان:
هەروەها پێی دەوترێت پڕوپاگەندەی ڕۆشنبیری نێودەوڵەتی و کاریگەری ئەم ڕۆڵە ڕستەوخۆ لەگەڵ هێز و پێگەی ئەو وڵاتانەی کە لەسیستەمی نێودەوڵەتیدا پراکتیزەی دەکەن زیاتر دەبێت، بەو پێیەی وڵاتانی زلهێز سەرنجیان لەسەر بڵاوکردنەوەی دیکەدایە، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی لاوازی کلتووری و ناوەخۆی و بەها ڕەسەنەکانی زۆرێک لە وڵاتانی جیهان جیاوازی هەیە لە نێوان کارلێک کردن ئازادی نێوان کلتوورەکان و سەپاندنی کلتوورێکی دیاریکراو لەسەر حیسابی لەناوبردنی کلتووری ڕەسەنی گەلێکی دیاریکراو لە ڕێگەی ئیستغلال کردنی میدیای نێودەوڵەتی و ئینتەرنێت لەلایەن وڵاتانی پێشکەوتوو لەهەڵمەتە پڕوپاگەندەییەکانیان بۆ کلتوورەکانیان، کە ئاراستەی ولاتانی کەم پێشکەوتوو و ولاتانی تازەپێگەیشتووی دەکەن، کە لەناو خۆیاندا ئەدەب و هونەر و پەروەردە و بڵاوکردنەوەی زمانی بەهێزی دەوڵەت لەخۆدەگرێت. وەرزش ، ئاڵوگۆڕی کلتووری ، پەروەردەیی، و بانگهێشت کردنی و ڕۆشنبیرانی نوخبەی وڵاتانی لاوازتر بۆ سەردانی وڵاتانی بەهێزتر بە مەبەستی ڕاکێشانی وڵاتی بەهێزتر، هەندێک دەڵێن دیاردەی بەزاندنی زانیاری سنوورەکانی یان کلتووری دیاردەیەکی ئەمریکییە بەهۆی باڵادەستی ڕوونی ئەمریکا لەم بوارەدا. تۆرەکۆمەڵایەتیەکان بە یەکێک لە ئامرازەکانی داگیرکردنی کلتووری بۆ سەر وڵاتانی جیهان دادەنرێت. وە بڵاوکردنەوەی کلتووری وڵاتانی زلهێز لە ڕێگەیەوە بەتایبەت لە نێو هەرزەکاران و گەنجان کە سەرسامن بە پێشکەوتنی ڕۆژئاوا لێکۆلینەوەکە پێی وایە ئەمە یەکدەگرێتەوە لەگەڵ ئەنجامی لێکۆڵینەوەکەی نورە ئیبراهیم السوییان لەساڵی ٢٠١٤ی زایینی، کەتیایدا دووپاتی کردەوە کەتۆرەکانی سۆشیال میدیا کاریگەرییان لەسەر کلتووری گەنجان هەیە، بەتایبەت لەسەر زمانەکە، بەو پێیەی زمانی عەرەبییان لاوازبووە، هەروا یەکێک لە ئامانجە هەرە گرنگەکانی داگیرکردنی کلتووری ولاتانان، کە بریتییە لەکاریگەری کردن لەسەر زمانی دایک و گۆڕینی بە زمانی وڵاتانی بەهێزتر. (خلیل. ٢٠١٤. لا٦).

١٣- بڵاوبوونەوەی دەنگۆ:
لە ئەنجامی نەبوونی میکانزمێکی ورد بۆ پشتراستکردنەوەی سەرچاوەی هەواڵ و زانیاری لەتۆڕەکانی سۆشیال میدیا، دەنگۆ بەشێوەیەکی بەرفراوان بڵاوبووەتەوە، زۆر جاریش تێبینی دەکرێت ئەوانەی کە پێیان دەگەڕێنن پێیان وایە ئەو زانیاریانە هەمیشە دروستن و دەتوانرێت بەبێ ئەوەی وەربگیرێن پشتراستکردنەوەی ڕەسەنایەتی و ڕەسەنایەتی سەرچاوەکەی، ئەمەش دەنگۆ لە کۆمەڵگادا دروست دەکات کە هیچ بنەماکیان نییە. بنەمای ڕاستی
(عبدالفتاح.٢٠١٧.ل٧٤).

## گۆڕاوی دووەم/ میدیای گەشتیاری:

## پێشەکی

میدیا بەگشتی بە هونەری دامەزراندن و پتەوکردنی پەیوەندییەکان و تێگەیشتن و متمانەی هاوبەش لەنێوان دامەزراوەکە و بازرگانە جۆراوجۆرەکانی ناسراوە بەناساندنی دامەزراوەکە و بەرهەمەکانی و لێکۆڵینەوە لەهەڵسوکەوت و ئارەزووەکانی ئەوکەسانە، بریکارەکان هەوڵدان بۆ تێرکردنی پێداویستییەکانیان و کارکردن بۆپەرەپێدان و فراوانکردنی بەرژەوەندییە هاوبەشەکان سەبارەت بە میدیای گەشتیاری بەو شێوەیە پێناسەکرا کەهەموو هەوڵێکی میدیایی بابەتی و بێ کەسایەتی کە لەلایەن دەزگا فەرمی یان نافەرمییەکانەوە بۆ باشترکردنی وێنەی گەشتیاری و داوای ئامادەکردن و گواستنەوەی پەیامەکان یان کۆمەڵێک پەیام بەئامانجی دروست کردنی هۆشیاری یان گەشەپێدانی گەشتیاری، وێنەی گەشتیاری وڵاتێک یان ناوچەیەک لەهەندێک بازاڕ و بینەر کە میدیا بەکاردەهێنن بەمەبەستی ڕاکێشانی سەرنجی گەشتیارانی ئایندە لەو بازاڕانەدا، جا چ لەناو خۆیان دەرەوەی وواڵات، و پاڵنانی ئەوان بۆبەشداریکردن لەچالاکی گەشتیاریدا
(شوقي.٢٠١٨ . ل٤٥)

## یەکەم: پێناسەی ریکلام:

ڕیکلام: بریتییە لە کۆمەڵێک چالاکی پەیوەندی بینراو، دەنگی، یان نووسراو (میدیای پارەدار) کە ئامانجیان کاریگەری لەسەر بەکاربەر یان (بینەر، خوێنەر، یان گوێگر) هەیە بە پێشکەشکردنی پەیامێکی قەناعەتپێکەر بۆ ئەوەی هانی بدات بەرهەمێک بکڕێت، داوای خزمەتگوزارییەک بکات، یان بیرۆکەیەک قبوڵ بکە، لە بەرامبەر ئەو پارەیەی کە دەدرێت بە حزبەکە."specific ad
ڕیکلام ئامرازێکی گرنگ و کاریگەرە لە کارە بازرگانییە جیاوازەکاندا، ئامرازێکی پەیوەندیکردن پێکدەهێنێت کە پەیوەستە بە کاریگەریکردن لەسەر تاکێک یان چەند کەسێک. بە بەکارهێنانی یەکێک لە شێوازە بانگەشەییەکانی بەردەست بۆ دروستکردنی پەیوەندی لە نێوان بەکارهێنەران و

بەرهەمەکاندا، ڕیکلام نوێنەرایەتی ئەو شێوازە دەکات کە بازرگان بەکاریدەهێنێت بۆ کاریگەریکردن لەسەر کڕیار. ئەمەش لەسەر بنەمای بەکارهێنانی کۆمەڵێک ئامراز و شێوازی پەیوەندی غەیرە کەسی؛ بە مەبەستی گەیاندنی بیرۆکە و پەرەپێدانی بەرهەم و خزمەتگوزاری.

## دووەم: جۆرەکانی ڕیکلام:

١-ڕیکلامی چاپکراو کە کۆنترین هونەری ڕیکلامە، بریتییە لە ڕێکلامی ڕۆژنامە و گۆڤار و گۆڤاری دەورەیی و تراکت و پۆستەر.

٢-ڕیکلامی ناڕاستەوخۆ، لەوانەش بروشور کە لە ڕێگەی پۆستەوە بۆ کەسانی دیاریکراو دەنێردرێت.

٣- ڕیکلامی دەرەوە، ڕێکلامی سەر شەقامەکان، پێشانگاکان، و ڕیکلام لە لای پاسە گشتییەکان.

٤- ڕیکلامە دەنگییەکان بریتین لە ڕیکلامە ڕادیۆییەکان کە لە شەپۆلی هەوای ڕادیۆیی پەخش دەکرێن.

٥-ڕێکلامی دەنگی/ بینراو، کە ڕێکلامی تەلەفزیۆنییە و لە ئێستادا زۆرترین بڵاوبووەتەوە، هەروەها ڕێکلامی سینەما،

